لەدەرەوەی بازنەدا

# کەبابو نانی کوردی

سویدیەکان یەکێکن لەو نەتەوانەی شانازی بەو وشەو دەستەواژەو زاراوانە دەکەن کە لە نەتەوەکانیتر وەریان گرتووەو تا لە کتێبەکانی خوێندنیشدا ئاماژەیان بەو وەرگرتنەداوە، وەرگرتنو گۆڕینەوەی وشەو زاراوەو ئاڵوگۆڕی کولتور بە بەشێك لە دەوڵەمەندکردنی زمانو کولتورەکەیان دەزانن، ئەم ئاڵوگۆڕیە بوارەکانی خواردنو خواردنەوەشی گرتۆتەوە، بۆ نموونە سویدیەکان کە باس لە خواردنی پیتزا دەکەن، دەڵێن ساڵانێکە لە ڕێگای ئیتالیەکان هاتۆتە سویدو ئێستاش یەکێکە لەو خواردنانەی کە هەرمێنی باشەو لە زۆربەی شەقامو لا کۆڵانەکانی سویددا دوکانی پیتزا فرۆشتن هەیە، ئەمەو بێجگە لە خواردنی نەتەوەو ولاتانیتر.

تاچەند ساڵێکیش لەمەوبەر سەرەڕای ژمارەی زۆری کورد لە سویددا، کە گوایە ئێستا لە سەروی سەد هەزار کەسە، بەلام جێ پەنجەمان لە ژیانی پێشخستنی ئابووریو بازرگانی ولاتەکەدا دیار نەبوو، تەنیا چەند کەسێك بە کردنەوەی دوکانی وردەواڵە فرۆشتنو کەلوپەلی تێکەڵاو کاریان دەکرد بە تایبەتی لەو گەڕەکانەی کە تێکەڵێکە لە نەتەوەجیاوازەکان، بەلام دەبینین ماوەی یەك دوو ساڵە لە لایەن کوردی دانیشتووی سوید کەبابی کوردی بە نانی کوردی برەوی پێدراوەو تا ئێستا نزیکەی دە دوکانی دروستکردنو فرۆشتنی کەبابی کوردی بە دەستو پەنجەی کەبابچی کورد کراونەتەوەو ئەوەی سەرنجیشم داوە، بازاڕی فرۆشتنیان باشەو دەخیلەیان پڕە.

کردنەوەی دوکانی تایبەت بە خواردنی کوردی کۆمەڵێك دەلالەت هاوپێچی خۆی دەکات، وەك زۆربوونی ڕێژەی کورد، ناساندنی خواردنی کوردی بە ولاتی سوددیو سویدیەکان، کە ئەوەی تێبینیم کردووە زۆر جار سویدیەکانیش میوانی کەبابخانە کوردیەکانن، بیرکردنەوەی کورد لە کارو بەرهەم کە ئەمە سیاسەتی لەمێژینەی سویدەو سویدیەکان پێیان وایە کە تاك پێویستە بەرنامەی کارکردنی هەبێتو خاوەنی ئابووری خۆی بێت.

کەبابخانە کوردیەکان کە بەختێکی گەورە ناوی دوکانەکانیان بە زمانی کوردیو سویدی نوسیوەو شوێنەکانیان بێجگە لەوەی کە جێژوانی خێزانە کوردەکانن، هەروەها مەنزڵی هەواڵە گەرمەکانی کوردستانو گفتوگۆی سەرپێیانەی سیاسین، ڕەنگە لە پاشەڕۆژدا کورد زاراوەی تر وەك کەبابی کوردیو نانی کوردی بۆ فەرهەنگی زمانی سویدی زیاد بکات.

بە هیواین کورد باشتر بچێتە ناو بازاڕی سویدیو خاوەن پیشەو بەهرەوەرو ئارەزومەندانی کارو بەرهەم دەبیانو سەدان گۆشە لە نموونەی جوانو کاری زۆرو بەرهەمی دیار لە خاڵەکانی پێکهێنانی لۆبین.

کەواتە :

بژی کەبابی چەوری کوردی

بەنانی تەندووری کوردی




نەوزاد عەلی ئەحمەد

سوید